# لەدوای هەڵەبجەدا ، میدیای ئەنتەرنێت بەرەو کوێ ببەین ؟

رزگار عومەر
rezgar@dengekan.com



رووداوەکانی هەڵەبجە زۆر مەسەلەی گرنگی خستە سەرمێزی جەمسەرەکانی ئەم بێنەو بەردەیە ، جەمسەرێك دەسەڵات جەمسەرێك بزوتنەوەی جەماوەری ،جەمسەرێکی تریش میدیای ئەنتەرنێت بوو ، مەسەلەکانی سەرمیزێ بەردەم بزوتنەوەی جەماوەری لە چۆنایەتیەوە هەمان ئەو شتانەن کە لە کەلارو ئاکریٚ بەرەو رووی ببێتەوە لە باری عەمەلیەوە دەرسێکی تازە نەبووە بۆ جەماوەر ، سیناریۆکان هەمان سیناریۆیە ، جەماوەرێکی تورەی لە سەر حەق ، خۆپیشاندان دەکەن ، ئاسایش تەقەیان لیٚ دەکا ، کوژراو بریندار بەم لاو بەولای شۆستەکاندا بەردەبنەوە ، رەشبگیری گەورە و تۆڵەی یاسایی دوا پەردە دەبیٚ و کەسیش نازانیٚ هەمان سیناریۆ لەکام شارۆچکە دووبارە دەبێتەوە . تاقی کردنەوەکەی هەڵەبجە پیٚ ناچیٚ سەرو سیمای سەرکەوتووی بە هیچ کامێك دابیٚ لە جەماوەرو لە دەسەڵات ، هەردوولا خەریکی ژماردنی زیانەکانی خۆیانن ، جەمسەرەکەی تریش میدیای ئەنتەرنێت ، چەند نووسینێکی کەمی جدی لیٚ دەربچیٚ ، دەنا رروداوەکانی هەڵەبجە پرسیاری زۆر قورستری لە سەر ئەم میدیایە بەرز کردۆتەوە .

پرسیار لە کۆستی ئەم میدیایە ، پرسیار لە رۆڵێکی بیٚ سەروبەر کە ئەم میدیایە لە گەڵ هەر رووداوێکی گەورەو هەواڵێکی گرنگ ، تەپ و تۆزێکی بیٚ سنوور دروست دەکا لە خیتاب بەخشینەوە ، لە ئیعلانی شۆرشێکی گەورە لە رستە ریز کردن کە هەر یەك لەم نووسینانە دوای 4-5 سەعات ئێکسپایەر دەبن ، پرسیار لەو رادە نزمەی هەست کردن ,بەرامبەر بەوەی کە نووسەر چی دەڵیٚ ؟ پرسیار لەخەرمانێك نووسینی تا سەر ئێسقان لاواز و بیٚ کەڵك ، کە لەماوەی 48 سەعاتدا 3-4 سایتی کوردی فریای بلاو کردنەوەیان ناکەون ؟ پرسیار لەوەی نووسەری خۆ بە پێشکەوتنخواز و حەق خواز چۆن بە نووسینەکانی خۆی ، بەو تێزانەی لەبەر زەرورەتی بازاری گەرمی رووداو ، وەکو هەموو جارانیتری رووداوەکانی پێشوو ، بە پەلە خستیە نووسینەوەو سەرلەنویٚ نووسەر خۆی کرد بە قسەکەرێکی زۆر بلیٚ ی دژ بە بیرکردنەوە .

من لەو بروایەم میدیای ئەلیکترۆنی دەتوانیٚ و لە دەستی دیٚ دۆستێکی گیان بەگیانی حەقیقەت و ئینسان بیٚ ، دەتوانیٚ لە جیاتی خیتاب دان فێری بیرکردنەوەو داهێنانمان بکات ، مرۆڤ دۆستی ناسنامەیەك نیە لە بەرۆکی خۆمانی بدەین پیٚ ی بپەرێینەوە ، حەقخوازی هەڵبژاردنی ئەو ریگایانە نیە کە ئەنجامەکانی توندوتیژی لێبکەوێتەوەو گیانی ترمان لە دەست بچیٚ ، من ئەو رستانە بۆیە دەنووسمەوە چونکە نموونەی زۆر لە بەردەستایە بۆ ئەو نووسینانەی ، کە بەشێوە خۆیان خستە قالبی دیفاع لە خەڵکی هەڵەبجە بەلاّم

له ناوەڕۆکدا پەیامی دواکەوتوو ئەنتی شارستانی بوون ، ئەزموونی هەڵەبجە فورسەتێکە بۆ خوێنەرانی ئەنتەرنێت ، کە ئەگەر بتوانن هەفتەیەك تەرخان بکەن بۆ خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی لە سەر ئەم رووداوە تا ئێستا نووسراوە ، ببینن ئەو ئیشکالاتە گەورەو ناکۆکیە قوڵانەی نووسەرانێك تێکەوتون ، ناکۆکی لە خوێندنەوەی رووداوەکەو لەدروست کردنی وێنەی تر لە رووداوەکە ، یان لەو رێگاچارانەی کە تەرحی دەکا بۆ خەڵکی هەڵەبجەو بۆ خوێنەران .

ئەزمونی هەڵەبجە ، لەو دڵخۆشیە کەم دەکاتەوە ، کە نووسەری کوردی دانیشتووی ئەوروپا و غەرب هێمن بووبێتەوە ، یا خۆی جیا کردبێتەوە لە ئەلتەرناتیڤی توندو تیژی ، بەدەر لەرووداواکەی هەڵەبجەش ، سەیری شەڕە نووسینەکانی ئەم و ئەو بکە ، رۆژێ چەندین جار لەباری مەعنەویەوە یەکتر دەکوژن و یەکتر ریسوا دەکەن ؟ ئەم جۆرە لە نووسەر قوربانی کۆمەڵگەی توند وتیژیە ، دیلی دەستی یەك ئەلگۆ ، یەك وێنەیە لە شۆڕش و لە ڕاپەرین ، کاتێ ئاگر لە جادەکانی پاریس دەبینێ جا چ ئیسلامیەکان بیکەن چ بێکارانی فەرەنسا بیکەن لە لای ئەو شۆڕشە . نووسەری تری خۆ بە چەپ زان لەم رووداوە هاتە قسە ، کە هاتە قسە بە زمانی عەشیرەت ، نائینسانیترین وشەی کردە مانشێت بۆ نووسینەکەی خۆی ، ئەو وشەی "" تۆڵە "" ی بۆمان کردە دیاری . نووسەری تر بەدوای رۆژێك دەگەڕا ، کە ڕووداوێك بێتە پێشەوە بتوانێ ئەو مەعلوماتەی هەیەتی لە سەر تێك شکاندنی بەندیخانەی (پاستیل ) لە مێژووی فەرەنسادا بیکا بە بەرگی هەلەبجەدا . نووسەری تر کردی بە گۆڕەپانێك بۆساغ کردنەوەی شەڕە بێ سەمەرو ئەبەدیەکانی ، نووسەری تر بێجگە لەوەی هەفتەی 7 رۆژ موراقیبە بەسەر ئەنتەرنێتدا نەبادا کەس قسەیەك بە حیزبەکەی بڵێ ، رووداوەکەی هەڵەبجەشی کرد بە پرۆڤەیەك بۆبینینی دەوری موحامیەك بۆ سەلماندنی بێ وەی بوونی دەستی ئەو حیزب و دەسەڵاتەی کە مەعاشی پێ دەدا.



ئەم گێژاوە ئەگەر بێ دەنگ بین لە بەرامبەریا بەرەو کوێمان دەبا ؟ میدیایەك ناتوانێ بەم نەخۆشیانەوە پۆستی راستی لە ئەستۆی خۆی بگرێ و بە دڵنیاییوە لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا بەرەو کۆستی ترمان دەبا .ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە نووسەری کورد ، لە دەرەوەی خیتاب بیر بکاتەوە و بخوێنێتەوە ؟ ئایا لە توانادا نیە میدیای ئەنتەرنێت بکرێتە ئەو مینبەرەی کە جەماوەر لە جیاتی پەیامی تۆڵەو توندو تیژی ، فێری میکانیزمێکیتری عەمەلیتر بن بۆ پاراستنی خۆیان لە ئاسایشی دەسەلات و لە تورەبوونی خۆیان ؟

بەرهەمە فیکریەکان و بەربوومە ئەکادیمیەکانی ئەم میدیایە کامەیە ، تا بزوتنەوەی جەماوەری لە کوردستان بەدەوریا کۆببێتەوە , یان کۆمەکی پێ بکا تا خۆی لە شێوازیتری نوێ ی خواستە دیموکراتی و ریفۆرمە ئابوریەکان یەك لا کاتەوە ؟



نووسەری کورد دەتوانێ و لە دەستی دێ خۆی لە تەقەموس و ئیستیعارە کردنی شەخسیەتی رابەر نەجات بدا ، چیتر جەماوەر وەکو ئەو سوپایە لە سەرباز سەیرنەکا کەچاوەڕوانی نەعرەتەی ئەون بۆئەوەی شەڕی هات و نەهاتیان پێ پیشان بدا ، لە پەنای هەر دەم و چاوێك لە قەرەباڵغی خۆپیشاندانەکاندا ، ژیانێك هەیە ، دڵێك هەیە ، ماڵێك هەیە کە رێ ی تێدەچێ بۆ هەمیشە تازیەبار بکرێ . میدیای ئەنتەرنێت دەکرێ لەم شێوازە تەقلیدیە بێتە دەرەوە ، نەجاتی بێ لە موغامەرات ، دەتوانێ فاکتەرێکی گەورەی فشار دانان بێ لە سەر دەسەلاتی کوردی و لە دەوڵەمەند کردنی رای گشتی و خەباتی جەماوەری ، تا ئێستا ئەم میدیا یە هەزار وانەی لە توندو تیژی بەرزکردۆتەوە ، دەتوانێ لەمەودوا پشت لەم رابردووەی خۆی بکا ، بۆ خەباتی جەماوەری ، بۆ راستی ، بە میتۆدێکی تازەوە دەرگایەکی تری هێمن و شارستانیتر لەخۆی بکاتەوە .